## عەردی حەرام

قوباد جەلی زادە

لە کێوە تەزیوەکانەوە

چاو دەبڕمە چراخانی شارە ئەنگوستەچاوەکەم

پیاوەتیم، وەك لوولەی تفەنگەکەم

ساتێ سارد و

دەمێ گەرم

لە باژێری بێ تروسکە و بانیژەوە

ژنە قفڵ دراوەکەم

لە شاخە لووت بڵندەکان رادەمێنێ

ژنایەتیی وەك ئاگردانی ژوورەکەی

کژێ پشکۆ

کژێ مشکی

لە نێوان

منی برسی و ژنە گوڵە گەنمەکەم دا

مین

لە نێوان

ئەوی تینوو و منی چۆڕاوگە دا

کەمین